

# شانۆگەری بیکەر-هاملتۆن

ئارام کەماڵ مەحمود

ئەگەر ئێمە تەماشای مێژووی گەلەکەمان بکەین، هەر لە سەرەتاوە تاکو ئێستا ئێمەی کورد بەردەوام لە چێژ چەوساندنەوە بووین. لە خوا بە زیاد بێت ئەوە چەند ساڵێکە هەوای ئازادی دەمژین و ماوەیەکی کورتە بە تەواوەتی خۆمان بە ئازاد دەبینین، هەرچەندە بەردەوام لەلایەن تورکیاو ئێران و سوریاو تەنانەت عێراقیش لە دڵە ڕاوکێداین. دیسان ئەیانەوێ شانۆگەرییەکەی سایکس-بیکۆ دووبارە بکەنەوە، بەڵام ئەمجارەیان لەو پارچەی کوردستان نمایش دەکرێت کە ئازادەو بە نیازە رووبەری گەورەتر بێت.

ئەوەتا ئەمجارە ئەیانەوێ شانۆگەری بیکەر-هاملتۆن لە هۆڵی کەرکوک بکرێت، ناحەقیشیان ناگرم، ئەگەر سەرکردەکانمان لە سەردەمی حکومەتەکەی جەعفەری کەم تەرخەم نەبوونایە، ئەوا ئێستا ئێمەش بە یەك دەنگ دەمانگووت (نەخێر)، و ناهێڵین جەنابی دەرهێنەر شانۆگەرییەکەت نمایش بکەیت، چونکە خۆمان ئەمانەوێت ئاهەنگی تێدا سازبکەین. ئێمە ئەو هەلەمان لە دەست چوو، ئەی بۆ بهێڵین ئەم هەلەی مادەی 140 لە دەست بدەین، بۆ کەم تەرخەم بین.

دڵنیام پاش تەواوبوونی حوکمەکەی (مالکی)یش ئەو کاتە مالکیش دەڵێ من چی بکەم، ئێوە سەرکردەکانتان کەم تەرخەمن. ئێمەی کورد دڵمان بەوە خۆشە کوردستانی باشوور گەورەتر دەکەین، ئەترسم دوای شانۆگەرییەکەی بیکەر-هاملتۆن، ئەفەنیەکی تر بێت و بڵێت ئەوش بزانن (هەولێر و سلێمانی و دهۆك) ئەبێت لە ژێرکۆنترۆڵی بەغدا بێت و بە هیچ شێوەیەك نەك باسی فیدراڵی، بەڵکو باسی حوکمی زاتیش نەکەن و نەکەن!!!!!

ئێستاش ترس و نیگەرانی شەقامی کوردی گرتۆتەوەو هەموو لایەك پێیان وایە ئەمریکا خەریکە هاوپەیمانیەتییەکەی دەکات بە دوژمنایەتی. باشە ئەمە پشتیوانی و بەڵێنەکانی ئەمریکا بوون؟

با بەیەك دەنگ نەهێڵین ئەم شانۆگەرییە نمایش بکرێت، با هەوڵ بدەین لە مەودوا بزانین کێ دۆستە و کێ دوژمن!!!!!!!!